# چیانشینەکان

# لە کاتی بێ ئیشی دا

نووسینی
ئەحمەدخان ئەبوبەکر

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە .
فاضل شەورۆ

ئەحمدخان ئەبوبەکر نووسەرێکی مەزنی داغستانە ، لە ساڵی (١٩٣١)دا لە گوندێکی بنار چیاکانی کوباجی لە باکووری قەفقاسەوە هاتۆتە دنیاوە . ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی کە بە زمانی روسی نووسراون وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی ، لەمانە هێندی شەوچەرەی رەنگینە کە لە ژێر ناونیشانی (چیانشینەکان لە کاتی بێ‌ئیشی‌دا) بلاوکراونەتەوە . والێرەدا چەند تابلۆیەکی جوان لەم شەو چەرانە هەڵدەبژێرین کە خۆی ئەم پێشەکی‌یەی بۆنووسیوە :

لە چیاکانی قەفقاسا هەرێمێکی سەختو سەرکەش‌و دڵگیر هەیە ، کە ولاتی هەزار دۆڵ‌و هەزار لوتکەیە ، پێ‌ی دەڵێن «داغستان» ، کە بە مانای ولاتی «شاخ‌و داخ» دێت . بەلام ئەوەی راستی‌بێ داغستان تەنیا ولاتی چیاو هەرد نی‌یە ، بەلکو وەك گەرۆکە عارەبەکانی سەدە ناوەنجییەکان نووسیویانە «چیای میللەتانە» .

داستانی‌هەیە دەڵێ : نێراوێك لە لای خوداوە دائەبەزێتە سەر زەوی‌و کۆڵێکیشی لە سەر پشتا ئەبێ ، بەلام ئەم کۆڵەی نەسەلەواتی تیا ئەبێ نە بەرهەمی رەنگینی باغەکانی بەهەشت ، بەلکو پڕ ئەبێ لە زمان‌و دایەلێکت . ئەم نێراوە ئەم ولات‌و ئەو ولات ئەکاو زمان بە سەر میللەتانی دنیادا ئەبەشێتەوە ، بەلام دەڵێن کاتێ ئەگاتە گردۆڵکەکانی داغستان رەتێ ئەباو قاچێکی ئەشکێ ، ئەویش لە تاوانا تورەئەبێ‌و کۆڵەکەی سەر پشتی فڕێ ئەداتە ئەو ناوەو ئەڵێ : «خەلکینە ، بۆخۆتان هەڵبژێرن !» دانیشتوانی داغستانیش گورج هەر یەکەی بە ئارەزووی خۆی زمانێ هەڵئەبژێرێ ، تا لە ئاکاما وای‌لێ‌دێ هەر گوندو شارێ ئەبێتە خاوەن زمان‌و دایەلێکتی تایبەتی خۆی .

بەلام ئەگەرچی لە رابردوودا زۆر شێوەو زمان بووبوو بە هۆی لێك دورکەوتنەوەو یەك نەگرتن ، ئەوە ئیمرۆ ، بە پێچەوانەوە ، بۆتە سەرچاوەی سامانێکی رەنگین‌و بە پێز بۆ ئەسڵ‌و نەژادو رەنگ‌و روخساری گەلان . چونکە هەموو نەتەوەیەك ، تەنانەت بچووکترین کۆمەڵگاش خاوەنی شووناسنامەیەکی خۆیەتی هێمای کەسایەتی تایبەتی پێوەدیارە کە یارمەتی پەرەسەندن‌و گەشەکردنی جیهانی هونەری وشەو زاراوە ئەدات . وا لە ئاسمانی ئێمەیشا هێندێ لەم ئەستێرە خنجیلانانە ئەدرەوشێنەوە . . . .

«هەموو رێ‌یەك دوور یانێکی هەیەو ، هەموو گوندێ دیوەخانێکی هەیە .» چیانشینەکان ئەڵێن : لە چیاکانا بە قەد ژمارەی گوندەکان دیوەخان هەیە ، دیوەخانیش خوشترین

مەنزڵگای چیانشینەکانە کە لە کاتی بێ ئیشی دا تیایە کۆئەبنەوە . لەوێدا هیلاکی رۆژانەی لەشی خویان دەرئەکەن و بە چرپەو خەندەو قسەی گەرم و گور بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری ئەکەن و هوشمەندی و بیلمەتی باوباپیرانیان ئەگێڕنەوەو ، بێ گومان ، باس و خواسی دنیاش دێتە کایەوە . . .

دیوەخانی چیانشینەکان یا ئەوەتە لە ژێر وورشە وورشی چنارانە ، یا لە کەناری کانیاوو جۆگەی سازگارە ، یا لە بن دیواری گۆرستانی گوندیە .

لەوەتای من خەریکی نووسینم ، سەرم لە گوندێکی بێ ژماردا وە ، لە کێوی (سەلەتەف)و گردۆڵکەکانی (خوانزاخ)ەوە بگرە تا ئەگاتە لوتکەی (شابەگی) سەر بە بەفرو شاخی (سیراغن) . لەگەڵ چیانشینەکانی ئەو گوندانە بەشداری دیوەخان و گفتوگۆی بە تام و پڕ دەرسەکانم کردوون .

ئەم پەندو چیرۆك و قسە نەستەقانەی لەم کتێبەدا کۆم کردوونەتەوە . لە دیوەخانی گوندی چیاکانا چاویان هەڵێناوە ، وەك پەپوولەی رەنگینی سروشت لە سەر لێوی لادێیە روح سووکەکان هەڵفڕیون ، منیش بە هێمنی بە تۆری قەڵەمەکەم گرتوومن . دوای رێکخستن و ئارایشکردنیان ، وائەیخەمە بەر چاوی تۆ ، سا خوێنەری ئازیز ، تۆیش چێژیان لێ وەرگرەو لە کات و شوێنی خۆیاندا کۆڕی خۆت و هاوڕێکانتی پێ گەرم بکە :

**خواردنەوە :**

دەڵێن یەکەم دارمێو ، لە لایەن کابرایەکی میسری یەوە چاندراوە – لە تەنیشت کۆڵیتەکەی دا سێ هەزار ساڵ پێش ئیمرۆ – ئەم کابرایە زۆر زۆر حەز لەبەری ئەم دارە ئەکا ، بەڵام بێ بەختی ، ئەبێتە ووشکانی و بێ بارانی . بۆ پاراستنی دارمێوەکە ، کابرا تاوسێك سەر ئەبری و خوێنەکەی ئەکاتە ژێر دارمێوەکەو ئەکەوێتە دەست پاککردنەوەو دوعا کردن لە خوای گەورە ، بەڵام دڵۆپە بارانێ نابارێ . کابرا ئەچێتە راوو شێرێ ئەکوژێ و هێندێ لە خوێنەکەی بە سەر دارەکەدا ئەپرژێنێ ، بەڵام ئەویش بێ هوودە ئەبێ . سا مەیموونێکی ماڵی ئەبێ ئەویش هەر سەر ئەبڕی و خوێنەکەی بە سەر دارمێوەکەدا ئەکا ، باران هەر نابارێ . بەڵام کاتێ بەچکە بەرازێ ئەکاتە قوربانی و خوێنەکەی بەسەر دارەکەدا ئەکاو ئەکەوێتە دوعا کردن ، دای ئەکاتە رێژنەی بارانێکی خۆش .

لەو کاتەوە دەڵێن بۆیە کە پیاڵەی یەکەم ئەخۆیتەوە وەك کلکی رەنگینی تاوس ئەگەشێتەوە . کە کردت بە دوو پیاڵە ، لە ناختا شێرێ رائەپەری و ئەنەرێنێ ، وە دوای هەڵدانی سێ یەم پیاڵە وەك مەیموونت لێ دێ ، خۆ کە گەیاندیشتە چوارەم پیاڵە ئەوە بێچوە بەراز چی لێ دێ تۆیش وات لێ دێ – ئەبیت بە کەڵە بەرازێکی گەورە – . کەواتە برایانی هێژا ، با بە چاوی ئەو کەسانە بخوێنەوە کە قەدرزانی ترێی ئەم دارمێوەن و دەتوانن لە قۆناغی تاوسەکە بوەستن و کەمێکیش بۆ لای شێرەکە خۆ لارکەنەوە .

**پیلانی پیاوان :**

«کوڕینە ! گەر ئەم یەکسانی یەی ئافرەتان ئاوا بڕوات ، ئێوە چاك گوێ لە قسەکانم بگرن ، ئەوە لە ئاکاما ئەبێتە نایەکسانی بۆ ئێمەی پیاو . ئەوساکە کێ هەیە ئێمە لە نیری ئافرەتان رزگار بکات ؟» . پیاوێکی پیر بەدەم بیرکردنەوە ئەمەی بە هاوڕێکانی وت .

«هیچ ترسی ناوێ ، کەڵە ئافرەتێکی خوێن گەرم و چووست و چالاکیش بۆ ئێمە هەر پەیدا ئەبێ ، هەر وەك چون کە لە پیاوی ئازاو جەسوور پەیدا بوون و کەوتنە خەبات کردن لە پێناوی سەربەستی ئافرەتاناو لەسەر پشتی خۆیان هەڵیانگرتن .» ماموستایەك وەڵام ئەداتەوە .

**قەلات**

پیرەمێردێ لە سەرەمەگا ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکات : «کوڕی خۆم ، گوێ لە ئامۆژگاریەکەم بگرە ، پیاو ئەبێ لە هەر گوندێکا هەر هیچ نەبێ قەڵایەکی هەبێ» . باوکەکە ئەمرێ‌و کوڕە هەموو ژیانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئامۆژگاریەکەی باوکی ئەباتە سەر . قەڵاێکی زۆر بنیات ئەنێ ، وای لێ‌دێ سەرو ریشی ماش‌و برنج ئەبێ‌و لە گۆڕ نزیك ئەبێتەوە . تاوێ ئەکەوتە بیرکردنەوە . جارێ ئەم چیرۆکەی خۆی بۆ پیاوێکی بەساڵاچوو ئەگێڕێتەوە . کابراش وەڵامی ئەداتەوە : «بۆ . . برا . . ! ئەوەی ڕاستی‌بێ ، تۆ لە مەبەست‌و مەرامی باوکت حاڵی‌نەبویت ، زۆر ئاسانە ، باوکت لە قەڵات مەبەستی قەڵای بەردین نەبووە ، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە پیاو لە هەر گوندێکا هاوڕێیەکی هەبێ» . سا براینە ، جاری واهەیە مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی لە دەست‌ئەدا تالە مانای ژیان ئەگات .

**لەسەر کۆنە ڕێیەك :**

جارێ دوو چیانشینی هەژار لە سەر کۆنە ڕێیەك تووشی یەکتری ئەبن . یەکێکیان هی گوندی «زلباکی»‌و ئەوی تریان هی «گولاتی» ئەبێ ، یەکیان بەرەومالێ ئەبێتەوەو ئەوی‌تریان بۆ شوێنێ ئۆغر ئەکا . زۆر ماندووو شەکەت ئەبن لەسەر جۆگەلە ئاوێ دائەنیشن‌و دەست ئەکەن بە نان خواردن — خواردنی نانی ڕەق بە ئاو — .

«خوا یاوەرت‌بێ کاکە ، ئەوە بۆ کوێ ئۆغر ئەکەی ؟» کابرای (زلباکی) لە کابرای (گولاتی) . ئەپرسێ‌و مرچەمرچیشی لێوەدێ کە نانەکە ئەجوێ .

— «دەچمە (تفلیس) لە لای بەگ شکاتم هەیە» .

— «بەخوا ڕێگایەکی دوورت لە پێشە !» .

— «برا ، چیمان لە دەست دێ ، خۆ ئەمە ژیان نی‌یە لە دەست ئەم خوێنمژانە !» .

— «باشە ، تۆ زمانی ئەوان ئەزانی ؟» .

— «چۆن پیاوی بەستەزمانی وەك من زمانی ئەوان ئەزانێ . ئیمرۆ لە دونیادا تەنیا دوو زمان ماوە : زمانی هەژاران‌و زمانی دەوڵەمەندان . ئەوانیش زۆر لێك جیاوازن» .

— «بەخوا ، بۆت پەرێشانم ، برالە ، ئەی تۆ چۆن مەسەلەکەی خۆتیان تێ‌ئەگەێنی ؟» .

— «بەم شێوەیە :»

کابرا دەستی بەناو خوارێکا گێڕاو کەڵەشێرێکی زیندووی ئاوەرووتکراوی . دەرهێنا ، ئەوەی پەرەمووچ‌بوو بە لەشیەوە نەمابوو .

— «پیان ئەڵێم : لێرەدا ، ئەم خوێنمژە نەعلەتیانە وا لە ئێمە ئەکەن . ئەمەشیان نیشان ئەدەم — کەڵەشێرەکە بەرز ئەکاتەوە . تۆ بڵێ‌ی لەمەش تێ‌نەگەن ! ؟» .

**عەبدوڵلا**

جارێ هێندێ لاو لە شاعیری میللی هەرێمی (کومیك) ئەپرسن «کاك عەبدوڵلا ، تکایە پێمان ناڵێ‌ی چۆن شیعر لە دایك ئەبێ ؟» .

— «سا من چوزانم» عەبدوڵلا بە تورەیەوە وەڵام ئەداتەوە .

— «ئەی تۆ شاعیری ؟» .

— «ئەوسا چی بوو !»

— «بەراستی پێمان بڵێ چۆن لە دایك ئەبێ .»

— «ڕووت‌و قوت‌و پێ‌خواسن وەك مناڵی ساوا ،

بەڵێ ، ڕووت‌و قووتن «عەبدوڵلا بە بێزاریەوە دەڵێ «دوای جل‌و بەرگیان بۆ ئەکەم تا لەشیان داپۆشم‌و ناوگەلیان بشارمەوە ، دەستیان ئەگرم‌و فێرە ڕۆیشتنیان ئەکەم ، دوای فێرە هەست‌و هۆشیان ئەکەم‌و بەڕەلایان ئەکەم بۆ خۆیان بەرێ‌دا برۆن . ئەوسا لێیان بپرسن ، ئەگەر سوپاسی دایك‌و باوکی خۆیان کرد ، ئەوە مانای وایە من سەرکەوتووم .»

**خواردنێکی یەزدانی :**

تۆڵەسەندنەوەیەکی خوێناوی لە نێوان دوو هۆزدا سەد

سالێك ئەخایەنێ ، لە هەموو پیاوانی ئەم دوو هۆزە دوو کەس ئەمێنێ . ڕۆژێ دوای گەڕانو سووڕانێکی زۆر یەکێ لەم دوو پیاوە لە بناری دارستانێکا تووشی دوژمنەکەی ئەبێ ، خەریکی ڕەوەلاندنی ڕانەمەڕێکی بچوکەو لەسەر ئاگریشا خەریکی نان برژاندنە .

— «ئەوە هاتووم بێکوژم» کابرا لە دارستانەکە دێتە دەرەوەو ئەڵێ .

— «فەرموو بمکوژە» . کابرای بەرئاگرەکە ئەڵێ «بەڵام نیشانەیەکی باشم لێ بگرە ، ڕاست گوللەیەکم لەسەر دڵ بدەو نەجاتم دە .»

کابرا نیشانەی تفەنگەکەی لەسەر دڵی شوانە ئەگرێو ئەیەوێ پەنجە بجوولێنێ ، لە پڕتاو شوانە سەرێ بەرز ئەکاتەوە ، وەك بییەوێ بڵێ — تاوێ ڕاوەستە .

— «چی یە ، ئەوە ئەترسێی !» . کابرای دوژمن بە تەوسەوە پێی دەڵێ «ئەمزانی ئەم هەموو ساڵانە من بە دوای پیاوێکی ڕاستەقینەدا ناگەڕێم بەڵکو بە دوای ترسنۆکێ . . وەرە . . . وەرە . . ها ، ئەوە تفەنگەکەم ، بە گوللەیەك بمکوژە» .

— «هێندە پەلە مەکە ، من تەنیا ویستم بڵێم نانەکە ئەسووتێ با وەری گێڕم» .

شوانە زۆر بە هێمنی نانەکە ئەمدیو ئەو دیو ئەکاتو ئەڵێ «تۆ ئەزانی ، هاوڕێ ، ماوەیەکی زۆرمان هەیە بۆ یەکتری کوشتن ، وەرە ، با لە پێشا ئەم نانە بخۆین . بەڕاستی گوناحە ، ئەم نانە جوانو تازەیە بەم پەنیرەوە نەخۆین تاگەرمو بە تامە ! . من حەزم لێ یەتی ، تۆ حەزی لێ ناکەی ؟» .

— «ئەمە خواردنێکی یەزدانی یە ، بەڵام . . !» .

— «بەڵامەکەت هەڵگرە جارێ . . . کوڕی باش بە فەرموو میوانی من بە ، دە فەرموو ، فەرموو دانیشە» .

ئەم نانە ، ئەڵێن ، دۆستایەتی دوو هۆزی نوێ کردەوە . . هەر لەبەر ئەمەشایە کە میوانداریو سەخاوەت شتێکی زۆر پیرۆزو باوە لە چیاکانا .

**دوو کەللە سەر :**

کابرایەکی (سیراغی) کەللەسەرێ بۆ مۆزە خانەیەك ئەهێنێو ئەڵێ ئەمە هی شایەری بەناوبانگ (تساندالە) کە وای کرد ناوی چیاکانی سیراغی دەنگ بداتەوە . مۆزەخانەکەش قبوڵی ئەکاو پاداشێکی باشی ئەداتێ . حەوت ساڵ تێ ئەپەڕێ هەمان چیانشین جارێکی تر بە خۆیو کەللەسەرێکەوە دێتە مۆزەخانەکەوە .

— «ئەمەیان کەللەسەری کێ یە ؟» بەرپرسیارێ لێی ئەپرسێ .

— «ئەمە هی شایەری بەناوبانگ (تساندالە)» کابرا ئەڵێ .

— «چی . . چی ؟» . بەرپرسیارەکە بە سەرسورمانەوە ئەڵێ «بەڵام تۆ جارێ کەللەسەری ئەوت بۆ نەهێنایین ؟» .

— «بەڵێ ، بەڵام ئەویان کەللەسەری سەردەمی لاوی بوو ، ئەمەشیان هی سەردەمی پیریەتی» . کابرای سیراغی زۆر بە هێمنی وڵامەکەی ئەداتەوە .

**چارەسەر :**

دوو چیانشین ، یەکیان سوارەو ئەویتریان پیادە ، لەسەر کانیاوێ تووشی یەکتری ئەبنو بۆ پشوودان تاوێ دائەنیشن . بەدەم نان خوادنێکی سووکەوە ئەکەونە گفتوگۆکردن . سوارەکە کە ئەسپەکەی بەرەلا کردبووە ناو مێرگەکە ووتی :

— «هەڵبێنە ، بڕیارم داوە چی بکەم ، من ئەسپەکەمت پێ ئەبەخشم !» .

— «ژنەکەت تەلاق داوەو گوندەکەت بەجێ دێلی !» . کابرای پیادە وەڵام ئەداتەوە .

— «فەرموو ئەسپەکەم بەرە» .

— «چاکم هەڵێنا ؟» .

— «نەخێر !» .

— «کەواتە بۆ ئەسپەکەتم ئەدەیتێ ؟» .

— «بۆ ئەم نەخشە جوانەی بۆت دانام» . سوارەکە وەڵام ئەداتەوەو جەڵەوی ئەسپەکەی ئەداتێ .

**پێکگەیشتنێ لە چەق ڕێگا :**

خۆر تۆزێکی گەورەبوو ، لە ئاسمانا شۆڕ ببۆوە . دوو گەشتکەر ، لە چەق ڕێی شاخێکی سەختو لێژ تووشی یەکتر ئەبن . کابرای پیر هێواش هێواش ئەهاتە خوارەوەو کابرای لاویش بە پەلە پەل پێ هەڵئەگەڕا .

– «ئەوە بۆ تۆ ، وەك نیشانەی سەرسورمان بەرامبەرم وەستاوی کوڕە ؟» . کابرای پیر لە لاوەکە ئەپرسێ .

– «باوکە ، دەمەوێ ، هاواربکەم ، تاکو هەموو دنیا گوێی لێم بێ ، کە ژیان چەندە خۆشو ڕازاوەیە» . لاوەکە وەڵام ئەداتەوەو دەستیشی هەڵئەبڕێو تەماشای ئاسمان ئەکا .

– «ئەی تۆ ، باوکە ، بۆ وەك نیشانەی پرسیار بەرامبەرم وەستاوی ؟» .

– «کوڕم ، دەمەوێ ، لە هەموو دونیا بپرسم ، بۆ ژیان هێندە نارەوایە !» کابرای پیر وەلام ئەداتەوە .

– «هەر بژی ژیان ، باوکە !» .

– «هەر بژی ، کوری خۆم !» .

**بێدەنگیو بێژینگ :**

کەم بۆی هەیە بێدەنگی باڵ بە سەر دیوەخانا بکێشێ ، خۆ ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ، ئەوە لە ڕاستیدا بە هەموو کەسێ تەحەمول ناکرێ . بۆیە پیاوان دەکەونە پشکنینی یادو یادگاری دێرینیان ، بۆ ئەوەی شتێکیان لە گۆشەیەکا ، بکەوێتەوە بەرچاوو بە قسەیان بێنێ ، چونکە هەر هێندە زەحمەتە تا دەستیان لەسەری بەنەکە گیر ئەبێ ، ئەوسا تۆپە خوریەکە خاو ئەکەنەوە . ئەمەش هێندێ جاران لەوە ئاسانترە کە نقورچەیەك لە منالێکا بدەی بۆ ئەوەی بە گریانی بێنی بۆ نموونە ، ئیمرۆ (شورخی) کوڕی (حەمە) ئانیشکێ لە دراوسێیەکەی ئەداو لێی ئەپرسێ :

«ئەرێ ، ئەمن ئەڵێم ، ئێوە بێژینگتان لەماڵەوە هەیە ؟» .

– «چی ! ؟» . کابرا بەسەرسوڕمانەوە وەڵام ئەداتەوە .

«بێژینگ . . بێژینگ . . . نازانی بێژینگ چییە ؟» .

«بەڵێ . . با . . . بۆ ئەپرسی ؟» .

«هەر بۆ ئەوەی قسەیەك بکەی» کوڕەکەی (حەمە) ئەڵێ . بەڵام هێشتا کابرا ورتەیەکی لێوە نەهاتبوو کە پیرەمێردێکی ڕوح سووك بە قولاپەکەی بیری شتێکی گرت ووتی :

(مادام ناوی بێژینگتان هێنا ، کوڕینە با چیرۆکێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە ، ئەم چیرۆکە باوکم یادی بەخێربێ بۆی گێرامەوە ، ئەویش وەك خۆی پێی ووتم لە باوکی بیستبوو – هەزار ڕەحمەت لە گۆڕیان بێ – جارێ کابرایەکی پینەدۆز لە پشت دەزگایەکەوە لە گۆشەیەکی دووکانەکەیدا خەو ئەیباتەوەو درێشەکەشی هەر لەناو دەستا ئەبێ . خەوێکی سەیر ئەبینێ : فریشتەیەکی باڵدار دێتو ئەو خێرو خۆشیە نیشانی خەڵك ئەدا ، کە خوای گەورەو میهرەبان بە سەر خەڵکی جیاجیای سەر زەوی بە قیسمەتی کردوەو پێوانەی ئەم خێرو خۆشیەش کونی بێژینگ ئەبێ .

فریشتەکە پەنجە ئەخاتە سەر کونێکی زۆر بچووك کە بە زەحمەت ئەبینرێ ، ئەڵێ : ئەوە ئەوەندە خێرو خۆشییەیە کە بە بەر تۆ کەوتووە . کابراش چاك دیقەت ئەداتە کونەکەو بیری لێ ئەکاتەوە . «باشە بۆ هێندە بچوکە ، خۆ ئەتوانم کەمێکی گەورە بکەم ، ئەمە درێشەکەشم لە دەستایە» . بە بێ ئەوەی چیتر بلێ ، نووکی درێشە ئاسنەکە لە کونەکە ڕائەکا .

کابرا بە قیژەو هاوار ڕائەپەڕێ ، توومەزە بەستەزمانە درێشە ئاسنەکەی لە کونی لوتی خۆی ڕاکردبوو .

بەڵێ کوڕینە جاران ژیان زۆر سەختو دژوار بووە بۆ هەژارو بەخت ڕەشان) .

لەم گۆڤارە وەرگیراوە :

Soviet Literature
1977 No. 3 (348) Moscow